# پەیوەندیی نێوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر

**بنار مصطفی محمد[1]، طاهر حسو زێباری[2]**

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، مەبەستیەتی لە پەیوەندیی نێوان ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بکۆڵێتەوە و چۆنیەتیی کاریگەرییان لەسەر یەکتر شرۆڤە بکات. لەبەر ئەوەی جۆری توێژینەوەکە "چەندایەتیی"ـە، پشت بە "میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی" بەستراوە، کە "پرسیارنامە" باشترین و گونجاوترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە بۆ ئەم چەشنە توێژینەوانە. شێوازی نمونەگرتنی توێژینەوەکەش بە دوو قۆناغ کراوە؛ قۆناغی یەکەم بە شێوازی "نمونەگرتنی هەڕەمەکیی چینبەندی" و قۆناغی دووەم بە "هەڕەمەکیی سادە"کراوە؛ پرسیارناکەمە لە نێوان ٤٠٢ کچی خوێندکار لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر دابەش کراوە و بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی داتاکانیش سود لە بەرنامەی SPSS وەرگیراوە. پاش شیکردنەوەی زانیارییەکان، دەرکەوت کە لە نێوان "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" کە لە تیۆری پییەر بۆردیۆ هەڵهێنجراوە و "ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە. کچانی زانکۆ، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی گەنجیدان و بەشێکی زۆریان هێشتا ژیانی هاوسەرێتییان پێك نەهێناوە، هێشتا نەچوونەتە سەر کاروپیشەیەك، تەنانەت لە دەرفەتی خوێندندا کە سەرەڕای ئەوەی هەموویان تێیدا هاوبەشن، بەڵام لە سەرکەوتن و دەرچوون بە نمرەی بەرزتر لەگەڵ یەکتر ڕکابەرایەتی دەکەن، بۆیە هەروەك بۆردیۆ جەختی دەکردە سەر ڕکابەرایەتی و پێشبڕکێ لەسەر دەستکەوتی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، بۆ ئەوەی لە ڕکابەرایەتییەکاندا نەدۆڕێن، زیاتر پەنا دەبەنە بەر ڕواڵەت و خۆجوانکردن و ئارایشتکردن. پاش بەستنەوەی هەمان دوو گۆڕاو لەگەڵ یەکتر و خستنەوەیان لە مودێلی ڕێگرێشنی هێڵیدا، دەرکەوت کە ڕێژەی کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەگاتە نزیکەی ٢٥٪؛ بەو واتایەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ٢٥٪ی گۆڕانکارییەکانی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ ڕون بکاتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** ئارایشتکردن، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، پییەر بۆردیۆ، زانکۆ، کچانی قوتابی.

## ١. پێشەکی

چەمکی "بەڕێوەبردنی جەستە" لەم چەند دەیەی دواییدا لە کۆمەڵناسیدا باو بووە؛ پاش ئەوەی تەکنۆلۆژیای نوێ و پێشکەوتنی پزیشکی بووە هۆی ئەوەی بتوانرێت جەستە بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستکاری بکرێت و بگۆڕدرێت؛ تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر بیانەوێ جەستە و ڕوخساری خۆیان لەگەڵ وێنەی خەیاڵی و ئایدیاڵی خۆیان هەماهەنگ بکەن، ئەوا بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم داواکارییەیان بۆ ئاسان کراوە و دەتوانن بە ماکیاژکردنی دەموچاو، قژ، هەڵبژاردنی جۆری جلوبەرگ و نەشتەرگەریی جوانکاری داواکاریی خۆیان جێبەجێ بکەن،لە چاوی مرۆڤی مۆدێرن، جەستە تەنیا ماددەیەکی بایۆلۆژی نییە؛ بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوریشی دەگرێتەوە؛ بۆیە جەستە لە لایەن "کۆمەڵناسی"یەوە وەک دیاردە و پرسێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ئەوەی کە توێژەری هان دا ئەم بابەتەی بۆ لێتوێژینەوە هەڵبژێرێت، ئەم چەند هۆکارەی خوارەوە بوون:

١. کۆمەڵناسیی جەستە، بابەتێکی نوێیە لە زانستی کۆمەڵناسی و، توێژەر هەست بە بۆشاییەکی مەعریفی و پراکتیکیی زۆری دەکرد لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی کوردیدا.

٢. لەبەر ئەوەی توێژەر خۆی ئافرەتە و بابەتی ئارایشتکردن و ماکیاژکردن، زیاتر بابەتێکی ژنانەیە و ویستی لەگەڵ ئەوەدا بوو، بابەتێك هەڵبژێرێت کە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی ژنانەوە هەبێت.

٣. توێژەر لە ماوەی خوێندنیدا، ڕۆژانە بە چاوی خۆی دەیدیت کە چۆن کچە قوتابییەکان ئەوەندە گرنگی بە ڕواڵەت و جوانیی ڕوخسار و جەستەی و پۆشاکی خۆیان دەدەن، تەنانەت کەرەستەی ماکیاژکردن و ئۆتۆی قژ لەگەڵ خۆیان دەهێننە زانکۆ و لەوێ خۆیان دەڕازێننەوە، زیاتر لەوەی کە گرنگی بە خوێندن و زانست و مەعریفە بدەن؛ ئەوهەموو هێز و وزە و کات و پارەی کە سەرفی ئارایشتکردن و ڕواڵەتی خۆیان دەکەن، جیگای پرسیار بوو بۆ توێژەر ئاخۆ چ هۆکارێکی دەرونی-

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ تموز ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٠ ئاب ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: bnar.mohammed@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ **بنار مصطفی محمد، طاهر حسو زێباری**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276

کۆمەڵایەتی دەبێ لە پشت ئەو ڕەفتار و چالاکییەدا بێت.
ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی کۆمەڵناسانەیە بۆ شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی ڕەوشی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، بە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانەوە .
هیوام وایە، ئەو توێژینەوەیە بەشێك لەو بۆشاییە مەعریفییەی لە کتێبخانەی کۆمەڵناسیی کوردی پڕ بکاتەوە و وەڵامێکی زانستیانەی ئەو پرسیارانەی بداتەوە کە لەو بارەیەوە بۆ قوتابی، مامۆستا، توێژەر و ئەکادیمییەکان دێتە پێش .

## ١-١ کێشە و پرسیاری توێژینەوە

ئەمڕۆکە شێوازەکانی بەڕێوەبردنی جەستە وەکو ئارایشت و ماکیاژکردنی دەموچاو و بەکارهێنانی بۆن و کۆلۆنیا و بۆیەکردنی نینۆک و کۆنترۆلکردنی کێش لەڕێگەی خۆراک و ڕێجیمکردن و وەرزش و و دەرمان و دەستکاری پزیشکی و نەشتەرگەری جوانکاری، گرنگیی چاودێری تەندروستی و جوانکاری وەک خۆشۆردنی ڕۆژانە، بۆ هەر دوو ڕەگەز گرنگن؛ دەرکەوتن بە جلوبەرگی تایبەتدا بووەتە پێوەرێکی جوانی و کەشخەیی و پەیوەستە بە پرسەکانی دیکەی وەک بەکاربەری و مۆدە. ئەم گۆڕانکارییە لە کەلتوری ئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوە و گۆڕان لە پێناسە و پێوەرەکانی جوانی، بە دڵنیاییەوە دەرئەنجامی گۆڕانی تێڕوانینی مرۆڤی مۆدێرنە بەرامبەر بە چەمک و کەرامەتی جەستە و هەروەها ڕۆڵ و ئەرکەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.
هەرچەندە چاوخشاندنێک بە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جوانیی جەستە و ڕواڵەتی هەر مرۆڤێک هەمیشە یەکێک بووە لە بەها کۆمەڵایەتییە گرنگەکان کە کاریگەرییەکی هەمەچەشنی هەبووە؛ بەشێوەیەک کە نەبوونی ڕواڵەتی جوان، بووەتە هۆی لەدەستدانی هەندێک دەرفەتی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی کاریگەریی تاک لە کۆمەڵگادا کە ئەم بابەتە لە جیهانی ئەمڕۆدا فۆرمێکی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. دەکرێ بڵێین لە هیچ قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا وەک ئەمڕۆ جەخت لەسەر گرنگیی جەستە و ڕواڵەت نەکراوەتەوە. ڕواڵەت و جوانیی جەستە لە جیهانی مۆدێرندا تەنیا لە ئەرکە جوانکارییەکەیدا سنوردار نییە؛ بەڵکو گرنگیدان بە جەستە ڕۆڵێکی سەرەکیش دەگێڕێت لە خستنەڕوی کەسایەتی دەرونی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا (کیا دربندرسری، ٢٠١٥: ٧١) .
هەوڵی پەرەپێدانی شرۆڤە و تێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ جەستە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان زیادیکردووە؛ هەرچەندە چەمکی جەستە لە ڕابردودا زیاتر بە چەمکێکی بایۆلۆژی دادەنرا و تەنها لە بواری زانستە ئەزمونی و پزیشکییەکاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ جگە لە ڕوانگەی بایۆلۆژی و پزیشکی، جەستە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتوریش سەیر دەکرێت و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.
بۆیە دەکرێ بڵێین لە هەموو کۆمەڵگایەکدا جەستەی مرۆڤ، جگە لەوەی واقیعێکی فیزیکییە، دیاردە و واقیعێکی کۆمەڵایەتی و ك کەلتوریشە؛ لەبەر ئەوەی جەستە لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی-ك کەلتوریدا گەشە دەکات و بەردەوام لە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگەدایە، هەربۆیە جەستە و ڕواڵەت و شێوازی دەرکەوتنی مرۆڤ دەکرێ بە پێی کەلتور و کۆمەڵگاکاندا بگۆڕێت و جیاواز بێت. کۆمەڵناسان و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان پێیانوایە کە جەستە و کەلتور لە یەکتر جیا ناکرێنەوە و بە تەواوەتی ئاوێتەی یەکترن و مرۆڤەکان جەستەی خۆیان وەك ڕەنگدانەوەی ئەو کەلتور و کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین بەرجەستە دەکەن؛ بە واتایەکی دی، جەستە خۆی کەلتور ێکە و نیشانەیەکە لە دیاردە سەرەکییەکانی ناو ئەو کەلتور و کۆمەڵگایە (کیوان آرا و دیگران، ٢٠١١: ١٤١). ئامارەکان گەشەیەکی بێوێنە لە بەکارهێنانی کەرەستەی جوانکاری چ لە ئاستی جیهانی و چ لە عێراق و کوردستاندا نیشان دەدەن. بەپێی ئامارەکان، داهاتی بازاڕی کەرەستەی جوانکاری و ئارایشتکردن لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، (٥٧١،١٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە. پێشبینی دەکرێت هەتاکو ساڵی (٢٠٢٧) ، ساڵانە بازاڕەکە بە ڕێژەی (٣,٨٠٪) گەشە بکات. (Statista, 2023a)
بەپێی هەمان ڕاپۆرت، داهاتی بازاڕی کەرەستەی ئارایشتکردن و بەرهەمی جوانکاری لە وڵاتی عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، (٢،٨١) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە. پێشبینی دەکرێت ئەم بازاڕە، هەتاکو ساڵی (٢٠٢٧) ، ساڵانە بە ڕێژەی (٦,٠٢٪) گەشە بکات. (Statista, 2023b)
لە دونیای مۆدێرندا لەگەڵ گۆڕانی پێوەر و پێودانگەکانی جوانی بەپێی پێوەر و پێودانگی کەلتوری هۆلیوودی، هەروەها مەیلی کۆمەڵگاکان بەرەو بەها ماددیەکان لەبری بەها مەعنەوەی و ناماددییەکان، مەیلی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ژنان و کچان بەرەو ڕەفتاری تایبەت لە بەڕێوەبردنی جەستە چووە، بە تایبەتی ڕەفتاری ئارایشتکردن و بەکارهێنانی کەرەستەی جوانکاری لای کچانی خوێندکاری زانکۆ.
ئەم مەیل و ئاراستەیە، خۆی لە خۆیدا بووەتە زەمینەیەك بۆ کێشەیەکی نوێ کە پێی دەگوترێت "پارادۆکسی نێوان بەهای سەلامەتی و جوانکاری"، کە سەرچاوەی زۆرێک لە پرس و گیروگرفت و زیانەکانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییە؛ وەکو خۆبەراوردکردن بە فاشێن و مودێلەکان، نارازیبوون لە شێوەی جەستەیی و ڕۆخسار و ڕواڵەتی خۆیان، تەرخانکردنی پارە و کاتێکی زۆر بۆ ئارایشتکردن و جوانکاری، کەمتر پڕژانە سەر دەرس و خوێندن، بایەخدانی زیاتر بە لایەنی ماددی و جەستەیی و ڕواڵەتی، چاو و چاولێکەری لە یەکتر، پێشبڕکێ و ڕکابەرایەتی لە خۆدەرخستن، لێکەوتنی کێشەی خێزانی و هاوسەرێتی.
بە پێی ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی، "جەستە"ی مرۆڤ وەك سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی کەلتوری هێمایی دەژمێردرێت کە تاکەکان بۆ ئەوەی لە هەموو کارێك و هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا، لە تاکەکانی دەوروبەری خۆیان پێش بکەون و لە پاش نەمێنن، پەنا دەبەنە بەر دەستکاری و گۆڕینی ڕوخسار و جەستەی خۆیان، وەکو ئارایشت و ماکیاژکردن، نەشتەرگەریی جوانکاری، وەرزش و ڕێجیمکردن، دەرمان و خۆراك و پۆشاکی تایبەت .
لەسەر ئەم بنەمایە، دەتوانرێت پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە بەمشێوەیە بخەینە ڕوو: "چ پەیوەندییەك لە نێوان "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" و "ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟."

## ٢-١ ئامانجی توێژینەوە

گرنگترین قۆناغ لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، دەستنیشانکردنی ئامانج یاخود ئامانجەکانی توێژینەوەکەیە؛ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە، بریتییە لە :
١. زانینی جۆری پەیوەندیی نێوان "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" و "ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستاندا.
٢. زانینی ڕێژەی کاریگەریی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" وەك هۆکارێکی کۆمەڵایەتی لەسەر "ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ" لە هەرێمی کوردستان.

## ٣-١ گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە دوو ڕووەوە گرنگە:
لە ڕوی پراکتیکییەوە: لەبەر ئەوەی بەگشتی کچانی قوتابی لەچاو کوڕان سەبارەت بە ڕواڵەت و ئارایشتکردن و ڕازاندنەوەی خۆیان، هەستیارترن و گرنگییەکی زیاتری پێ دەدەن، ئەو گرنگیدانە وایان لێ دەکات، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە جەستەییەکانی خۆیان بگەیێننە ئاست نمونە کەلتورییەکانی کۆمەڵگا بۆ جوانیی دەموچاو و شێوە و جەستە کە لە میدیا جەماوەرییەکانەوە بەسەر کۆمەڵگادا سەپێندراوە، لەو ڕەفتارەدا زێدەڕەوی بکەن و هەم کاتێکی زۆر، هەم پارە و تێچوونێکی زۆر و، هەمیش وزە و هێزێکی زیادیش بۆ ئەم خۆگونجاندنە سەرف بکەن، بێئەوەی بزانن کە چۆن ڕاکێشی ئەو نمونە جوانکارییانە لە پیشەسازیی جوانکاری و ڕیکلامی تەلەڤزیۆنی و بازاڕ و مارکێتینگی تاقمێکی سەرمایەدار دەکرێن؛ کار گەیشتووەتە ڕادەیەکی وا کچانی قوتابی لە زانکۆ خۆیان و خێزانی خۆیان بخەنە ژێر گوشاری دارایی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ ئەوەی لە هاوپۆل و کچە قوتابییەکانی دیکە پاش نەکەون و توشی شکان و شەرم و خۆبەکەمزانین نەبن؛ هەر بۆیە توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسانە لەم بوارەدا گەلێک گرنگ و پێویستە .

لە ڕوی تیۆرییەوە: جێبەجێکردنی ئەم چەشنە توێژینەوانە دەتوانێت ڕێگا خۆش بکات بۆ کردنەوەی ڕێچکەیەی نوێ لە کۆمەڵناسی و شێوازەکانی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا. بێگومان لەم بوارەدا واتە لە بواری "کۆمەڵناسیی جەستە"دا کار و توێژینەوەیەکی زانستیی ئەوتۆش نەکراوە کە شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسانەی هەبووبێت بۆ دیاردەی ئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوەی کچانی قوتابی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان؛ کەواتە ئەم توێژینەوە دەتوانێت ببێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی زانستی لەم بوارەدا.

## ٢. تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتیی پییەر بۆردیۆ :

پییەر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu (1930–2002) کۆمەڵناسی فەرەنسی، بە خستنەڕوی چەمکەکانی "خو/عادەت"، "سەرمایەی هێمایی"، "سەرمایەی کەلتور ی"، "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" و "سەرمایەی ئابوری" لە بابەتی کۆمەڵناسیی جەستە و بەکاربردن نزیک بووەتەوە. بۆردیۆ پێیوایە، ئەو چوار جۆرە سەرمایە بۆ مرۆڤ پێویستن کە بۆ دەرخستنی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لە هەموو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە هەموو ڕکابەرایەتی و پێشبڕکێیەکدا بیاتەوە کە بەردەوام لەگەڵ تاك و گروپی جیاوازدا هەیەتی:

١. سەرمایەی ئابوری؛ واتە هەموو ئەو شتە ماددیانەی کە هەیەتی؛ وەکو پارە، خانو، ئۆتۆمبێل و... هتد.
٢. سەرمایەی کەلتوری ؛ واتە هەموو ئەو کاڵا کەلتوریانەی کە هەیەتی؛ وەکو خوێندەواری، بڕوانامە، هونەر.
٣. سەرمایەی کۆمەڵایەتی؛ واتە هەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیانەی کە لەگەڵ تاك و گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیەتی.
٤. سەرمایەی هێمایی؛ واتە هەبوونی ڕێز و ئیحترام و توانستی تاك لە خۆدەرخستن لە هەڵسوکەوت و ڕواڵەتدا (بابایی و سمنانی، ٢٠١٧: ٣٥) .

بۆردیۆ، جەستەی مرۆڤ بە بەشێك لە سەرمایەی کەلتوری دەزانێت و بە بەکارهێنانی چەمکی "سەرمایەی فیزیکی" یاخود "سەرمایەی جەستەیی"، پەیوەندیی نێوان ڕواڵەت و تایبەتمەندییە جەستەییەکان وەک یەکێک لە فۆرمەکانی سەرمایەی کەلتوری دەزانێت و لە تەنیشت فۆرمەکانی دیکەی سەرمایە وەسفی دەکات. سەرمایەیی فیزیکی، سەرچاوەیەکی کەلتورییە کە لە جەستەدا وەبەرهێنان دەکات (ذکایی، ٢٠٠٧: ١٧٦). بەرهەمهێنانی سەرمایەی جەستەیی، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە کە بە هۆی تاکەکانەوە لە ڕێگەی وەرزشکردن، کاتی دەستبەتاڵی، مەسرەفکرایی و بەکاربەرییەوە دروست دەبێت (ذکایی، ٢٠١٢: ٣٢-٣٣).

بۆردیۆ، پێیوایە ئامانجی بەڕێوەبردنی جەستە، بەدەستهێنانی ڕێز و کەرامەت، جیاوازی و خۆدەرخستن و پێگەی کۆمەڵایەتییە. بۆردیۆ لە شیکردنەوەی خۆی بۆ جەستە، ئاماژە بە بەکاڵابوونی جەستە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەکات، کە وەک سەرمایەی فیزیکی دەردەکەوێت. بۆردیۆ، دروستبوونی ئەم سەرمایە فیزیکییە گرێ دەداتەوە بە گەشەی جەستە، بە شێوەیەک کە جەستە دەبێتە هەڵگری بەها کۆمەڵایەتییەکان. لە بیرکردنەوەی بۆردیۆدا جەستە جۆرێکە لە سەرمایەی فیزیکی کە ئەو هەموو گۆڕانکارییە بەرفراوانانەی کە بەردەوام لە قەبارە و شێوە و ڕواڵەتی جەستەدا دەکرێت، لە ژێر کاریگەریی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگای مودێرندان، کە بە شێوەی جیاواز خۆی دەردەخات: وەک ڕەهەندەکانی جەستە، قەبارە، بەژن و کورت و درێژی، قەڵەوی و لاوازی و شێوە و هەڵکەوتنی جەستە و ڕوخسار (شیلینگ، ٢٠٢١: ٢٥٥-٢٥٧).

بە بۆچوونی بۆردیۆ، لە نێوان زاناکان و زانستەکاندا، ئەوە پزیشکان و پسپۆڕانی خۆراك و ڕێجیمکردنن کە زانستی خۆیان بەسەر هەموویاندا دەسەپێنن؛ ئەو زانستەی کە باسی جەستە و کێش و خۆراك و تەندروستی و سێکس دەکەن و دەیکەنە بەهایەکی کۆمەڵایەتیی باو. ئەگەر سەیری کتێبی "جیاکاری" بکەین کە تایبەتە بە تام و چێژ و شێوازی ژیانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی فەرەنسا، دەبینین بۆردیۆ دەنوسێت، کە دیزاینەرانی جلوبەرگ، مۆڵەتی لێهاتویی و شارەزایی تەنها کاتێك وەردەگرن کە دیزانەکانیان بە گوێرەی پێوەری قەبارەی کچە مۆدێلەکان بێت؛ ڕێکلامەکان، گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بە تایبەتی هی تایبەت بە ژنان، کە لە لایەن سەرمایەدارانەوە بەڕێوە دەبرێن، لە دەرخستنی نمونەی جوان و ڕێکوپێکی جەستەیی، سەرەڕای ئەوەی کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەڵام بۆ خزمەتکردنی سیستمی سەرمایەداری پشتی یەک دەگرن (بوردیو، ٢٠١٤: ٢٩٢).

## ٣. مێتۆدناسیی توێژینەوە

### ٣-١ مێتۆدی توێژینەوە و ئامرازی کۆکردنەوەی داتا:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی **"چەندایەتی"**یە کە لە مێتۆدی **"ڕوپێوکردن"** کەڵک وەرگیراوە. ئەم مێتۆدە پتر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ئاستێکی بەربڵاودا بەکار دەهێنرێت. ئەم کۆکردنەوەیەش ئامرازی تایبەتیی خۆی هەیە؛ ئەویش ١ شێوازی نمونەگرتنی ئەم توێژینەوەیە، "نمونەگرتنی هەڕەمەکیی چینبەندی" یە؛ ئەم شێوازە کاتێك بەکار دەبردرێت کە کۆمەڵگای توێژینەوە، پێکهاتەیەکی یەکچوو و هاوچەشن نەبێت؛

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276

بۆ نمونە قوتابییەکان لە ڕوی تەمەن و ڕەگەزەوە جیاوازن، ئینجا جگە لە قوتابیانیش، مامۆستا و فەرمانبەری ئیدارییش هەن؛ بۆیە لەم حاڵەتەدا، کۆمەڵگای توێژینەوە بە چەندین "توێژ"ی جودا لە یەکتر دابەش دەکرێت و ئەوانەی کە وەکویەکن و یەکپارچە و هاوچەشنن، دەخرێنە ناو توێژێکەوە بۆ ئەوەی لەوانی دیکە جیا بکرێنەوە؛ ئینجا لەو توێژەدا بە شێوەی هەڕەمەکی بە ڕەچاوکردنی قەبارە و ژمارەی کۆمەڵگاکە، نمونەیەك هەڵدەبژێردرێت؛ ئەو نمونەیە دەبێ، نوێنەرایەتیی گشت کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات ( Carrie et al., ٢٠٢٠: ٢١١). **"پرسیارنامە"**یە. تایبەتمەندیی ڕوپێوکردن ئەوەیە کە دەتوانێت تاقمێکی خاوەن پێکهاتە لە زانیاریمان بۆ کۆ بکاتەوە کە تێیدا خشتەی گۆڕاو بە پێی کەیسەکان دەستنیشان کراون؛ واتە زانیارییەکان سەبارەت بە گۆڕاوەکان یا تایبەتمەندییە یەکسانەکان، لانیکەم دوو کەیس کۆ دەکرێتەوە و لە چوارچێوەی خشتەی داتاکان پیشان دەدرێن (دواس، ١٩٩٧: ١٤).

پرسیارنامەی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدا، دوای پێداچوونەوەی تیۆر و توێژینەوە پێشووەکان لە لایەن توێژەرەوە، لە دوو بەشدا ئامادە کراوە؛ بەشی یەکەمی پرسیارنامەکە تایبەتە بە زانیارییە سەرەتاییەکانی وەڵامدەرەوە؛ بۆ نمونە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و خێزانی. بەشی دووەمیش بە کەڵکوەرگرتن لە "پێوانەی لیکێرت" ئامادە کراوە؛ پێوانەی پێنجینەیی لیکێرت لە تاکەکان دەخوازێ بە هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکانی "زۆر لەگەڵیدام"، "لەگەڵیدام"، "بێڕام"، "دژم" و "زۆر دژم"، وەڵامی پرسیار یان بڕگەکان بداتەوە (Likert, 1932: 5-55). کە جگە لەوە، لە پێنجینەییی "بەردەوام"، "زۆرجار"، "جاربەجار"، "کەمجار" و "هیچکات"یش کەڵك وەرگیراوە.

## ٢-٣ کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوە و یەکەی شیکاری:

کۆمەڵگەی ئاماریی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە کچانی قوتابی لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر، کە بە گوێرەی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا، ژمارەیان دەگاتە ٤٠،٣٥٤ کچ. ٣١،٢٤٦ قوتابیی کچ لە زانکۆ حکومییەکان و ٩،١٠٨یشیان لە زانکۆ ئەهلییەکان (وەزراەتی خوێندنی باڵا، ٢٠٢٢).

یەکەی شیکاری، یەکەیەکە کە زانیارییەکان لێی کۆ دەکرێنەوە و تایبەتمەندییەکانی ڕون دەبنەوە (یوردوسف، ١٩٩٣: ٧٧). لەم توێژینەوەدا، یەکەی تێڕوانین و شیکاری، کچە قوتابییەکانی شاری هەولێری پایتەختە .

لەو توێژینەوەیەدا، تەنها قوتابیانی کچ وەکو توێژی نمونەکە لەوانەی دیکە جیا دەکرێنەوە؛ ئینجا لە نێوان توێژی کچەکان، بە شێوەی **"نمونەگرتنی هەڕەمەکی سادە"**، ژمارەی نمونە و یەکەی پێویست لەو توێژەدا هەڵدەبژێردرێت. بە پێی ئاماری ڕەسمیی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٢٢)، ژمارەی گشت قوتابیانی هەرێمی کوردستان بە کچ و کوڕەوە 197,416 کەسە، کە 152,183 قوتابی لە زانکۆی حکومی و 45,233 قوتابییش لە زانکۆی تایبەتدا خەریکی خوێندنن؛ بەپێی هەمان ئامار، ژمارەی قوتابیانی کچ 113,214 کەسن کە لەوان 88,336 کچ لە زانکۆی حکومی و 24,878یش لە زانکۆی ئەهلی دەخوێنن. ئەو کچە قوتابیانەی کە لە زانکۆ حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێرن، ژمارەیان دەگاتە 40,354 کەس (31,246 قوتابیی کچ لە زانکۆ حکومییەکان کە دەکاتە 77.5% و 9,108یشیان لە زانکۆ ئەهلییەکان کە دەکاتە 22.5%) (وەزارەتی خوێندنی باڵا، ٢٠٢٢).

قەبارەی نمونە بە کەڵکوەرگرتن لە یاسای نمونەوەرگرتنی "کۆکران" و بە ئاستی هەڵەی (٥%)، 380 کەس بەراورد دەکرێت کە بۆ دڵنیایی زیاتر ئەم ژمارەیە بۆ ٤٠٢ قوتابیی کچ بەرز دەکەینەوە کە ٢٩٠ قوتابیی کچ لە زانکۆ حکومییەکان (سەلاحەددین و پۆلیتەکنیك و پزیشکی) و ١١٢ کەسیشیان لە زانکۆ ئەهلییەکان (جیهان و لوبنانی-فەرەنسی) بە نمونە وەرگیراون.

## ڕاستییەتی و جێگیریی پرسیارنامە:

توێژەر، بۆ دەرخستنی "ڕەوایەتی و ڕاستییەتی"ی پرسیارنامەکە، سەرەتا ڕاستیی ڕواڵەتیی لە ڕێگەی تەبایی و هاوڕابوونی پسپۆڕان و شارەزایان سەبارەت بە گونجاوێتیی پرسیار یان بڕگەکان دووپات دەکاتەوە؛ بە واتایەکی دی، نیشاندەدات کە فۆرم و ڕواڵەتی بڕگەکان یان پرسیارەکان تا چ ڕادەیەك بە بابەتی توێژینەوەکە دەچن. هەرچی ڕەوایەتیی ناوەڕۆکە، گرنگی دەداتە شێوازی داڕشتن و دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی چەمك یان گۆڕاوەکان (Taylor, 2013: 89)؛ پرسیارنامەکە خراوە بەر دەستی ٧ پسپۆڕ و ڕاوێژکار (٤ مامۆستای پیاو و ٣ مامۆستای ژن) بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی.

بۆ دەرخستنی ڕەوایەتیی پێکهاتەیی و بنیادیش، لە ئەزمونی KMO ( Kaiser - Meyer – Olkin) و "خڕێتیی بارتلێت" کەڵك وەرگیراوە، کە یەکێك لە بەهێزترین ڕێگەی دۆزینەوەی ڕێژەی ڕەوایەتیی پێکهاتەیی پێوانەکانە (Mulaik, 2010: 23).

سەبارەت بە "جێگیری"یش، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەگەر پرسیارنامەکە لە چەند کاتی جیاوازدا لە نێوان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەکار ببەین، هەمان ئەنجام یان ئەنجامی زۆر نزیك لە یەکتر مسۆگەر بکات. زۆر گرنگە کە بزانین ئامرازی پێواندن لە هەلومەرجی یەکساندا، تا چ ڕادەیەك دەرئەنجامی یەکسانیش دەداتە دەست. بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی جێگیری، چەند ئەزمونی ورد بەکار دەهێنرێن کە بەناوبانگترینیان "ئالفای کرۆنباخ"ـە (بازرگان، ٢٠٠٦: ٣٣). توێژەر ئەم ئەزمونەی بۆ سەلماندنی جێگیریی پرسیارنامەکەی لە ڕێگەی پرۆگرامی Spss بەکار دەهێنێ و ئەم تایبەتمەندییەش مسۆگەر دەکات؛ ڕێژەی ئالفای کرۆنباخ **(899.)** و KMOیش **(853.)** دەرچووە بە ڕێژەی ماناداریی **(Sig= .000/ P.Value <0.05)** کە لە ئەزمونی خڕێتیی بارتلێتدا بەدەست هاتووە و، نیشانەی بەهێزی و پڕمتمانەیی لە ڕاستی و جێگیریی پرسیارەکانە.

پرسیارنامەی ئەم توێژنەوەیە لە دوو بەش پێکدێت؛ بەشی یەکەم 13 پرسیار دەگرێتەخۆ، کە تایبەتن بە زانیاریی تایبەت بە تاکی وەڵامدەرەوە. بەشی دووەمیش 42 بڕگە لە جۆری پێنجینەیی لیکرت دەگرێتەخۆ، کە بڕگەکانی ١٤ هەتا ٥٠ تایبەتن بە گۆڕاوی "ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ"؛ بڕگەی ٥١ هەتا ٥٥ بۆ گۆڕاوی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی".

خشتەی (١) ڕێژەی ئالفای کرۆنباخ و KMOی گۆڕاوەکان لەگەڵ ئاستی بەڵگەمەندی یاخود ماناداریتیان (Significant) بۆ پێشکەش دەکات، کە هەرهەموویان لەبەر ئەوەی ئاستی دڵنیایی ٩٩% (Sig.= .000) و ڕێژەی زیاتر لە ٦٠%یان بەدەست هێناوە، بە گۆڕاوی باوەڕپێکراو و ڕاست لە قەڵەم دەدرێن و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بیانخەینە ناو ئەزمونە شیکارییەکانەوە.

خشتەی (١) ڕێژەی ڕاستییەتی و جێگیریی

| ژ | ناوی گۆڕاوەکان | بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | بەهای ئالفای کرۆنباخ | بەهایKMO | بەهای خڕێتیی بارتلێت Bartlett's sphericity |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | ٣٧ | 14-50 | 0.869 | 0.723 | .000 |
| 2 | سەرمایەی کۆمەڵایەتی | ٥ | 51-55 | 0.705 | 0.763 | .000 |

ڕاستییەتیی هەیە = > .٦٠٠ ، جێگیریی هەیە = > .٦٠٠

**شێوازی شیکردنەوەی زانیارییەکان:**

شێوازی شیکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەبەر ئەوەی توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، توێژەر بە کەڵکوەرگرتن لە پرۆگرامیSPSS پاش کۆدینگ و هاوردەکردنی داتاکانی هەر یەك لە فۆرمی پرسیارنامەکان بۆ ناو پرۆگرامەکە و ئینجا "کامپیۆتکردن" (Compute Variable) و دروستکردنی ئەو گۆڕاوانەی کە پێویستن، بە هەر دوو شێوازی "ئاماری وەسفی"(Descriptive statistic ) (وەك ئاماری دیمۆگرافیی نمونەکە، وەسفکردنی گۆڕاوەکان)، هەروەها ئاماری شیکاریانە ( Inferential statistics) (ئەزمونی هاوپەیوەندیی پیرسۆن (Pearson correlation) و ڕێگرێشنی هێڵی (Linear regression) بۆ سەلماندن/ڕەتکرنەوەی گریمانەکانی بەکار هێناوە.

**5. گۆڕاوەکانی توێژینەوە:**

**١. ئارایشتکردن (Makeup):**

"ئارایشت"، کۆمەڵە کردارێکە ژنان دەیکەن بۆ ڕازاندنەوە و جوانترکردنی ڕۆخسار لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی ئارایشت و مکیاج، یاخود ڕومەتهەڵگرتن (هەڵگرتن و هەڵکەندن و تاشینی مو و گەندەموی دەست و دەموچاو)، یان داهێنان و هەڵپێچان و پەڵکەکردنی قژ و سەروپرچ، هەروەها ڕازاندنەوەی نینۆك (انوری، ٢٠٠٢: ٧٧).

پێناسەی کردارەکیی ئەم توێژینەوە بۆ چەمکی ئارایشتکردنی کچان، بریتییە لە: هەڵگرتنی برۆ، کردنی گەندەموی دەموچاو، سوراوسپیاوکردن، بۆیەکردنی قژ و نینۆك، ڕەشتنی چاو و برژانگ، بەکارهێنانی کرێم، بەکارهێنانی قژ و برژانگ و نینۆکی دەستکرد، سپیکردنەوەی ددان بە لیزەر، دانانی لێنزی چاو، دانانی چاویلکەی دژەخۆر.

**٢. سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social Capital):**

"پییەر بۆردیۆ" لە کتێبی "فۆرمەکانی سەرمایە" چوار جۆر سەرمایە لە یەکتر جیا دەکاتەوە: سەرمایەی ئابوری، سەرمایەی کەلتوری، سەرمایەی هێمایی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی؛ سەرمایەی کۆمەڵایەتیی بەمشێوەیە پێناسە دەکات: "کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕاستەقینە یان زۆر پەیوەست بە خاوەندارێتیی تۆڕێکی جێگیر و بەردەوام لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەم تا زۆر دامەزراو کە لەسەر بنەمای ئاشنابوون و یەکتر قبوڵکردن دامەزراوە" (Bourdieu, 1983: 183-198).

"جەیمس کۆڵمان"، سەرمایەی کۆمەڵایەتیی بەمشێوەیە پێناسە دەکات: "سەرمایە کۆمەڵایەتی ئەو شتەیە کە لە ئەنجامی تۆڕی پەیوەندییەکان، متمانە، هەستکردن بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەبێتە هۆی ئاسانکردنی چالاکیی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی" (Foley, 1997: 555).

"فرانسیس فۆکۆیاما"ش لە کتێبی "کۆتاییهاتنی ڕێکخستن: سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پاراستنی"دا پاش ئەوەی دەڵێت هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر پێناسەکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی نییە، بەمشێوەیە پێناسەی دەکات: "سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە نۆرم یان بەها هاوبەشەکان کە دەبنە هۆی بەهێزتر کردنی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕاستەقینە" (فوکویاما، ٢٠٠٠: ٢٧).

پێناسەی کردارەکیی بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەو توێژینەوەدا بریتییە لە ئارایشتکردن بۆ بەدەستهێنانی سەرنج و تێڕوانینی خەڵك و گرنگیدانی زیاتر پێیان، دەرکەوتنی شازتر و جیاوازتر و سرنجڕاکێشتر، کردنەوەی جێی خۆیان لە دڵ و دەرونی خەڵك و ژینگەی کار و ژیانیان بۆ بەدەسهێنانی متمانە و دەرفەتی کۆمەڵایەتیی زیاتر.

## شەشەم: ئەنجام و شیکردنەوەی زانیارییەکان:

### ١. ئاماری دیمۆگرافیك و بڕگە گشتییەکان

لەم بەشەدا، گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی نمونەی توێژینەوەکەمان وەسف دەکەین. ڕێژەی تێکڕای دووبارەبوونەوەکان (فریکۆنسی) و ڕێژەی سەدیی هەریەك لە گۆڕاوەکان، لەگەڵ ڕێژەی ناوەندی و گەورەترین و کەمترین ژمارەی گۆڕاوە پێوانەیی و ژمارەییەکان دەخەینە ڕو:

- لە ڕوی ڕەگەزەوە هەرهەموویان کچن.
- لە ڕوی شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەرهەموویان دانیشتووی هەولێرن.
- لە ڕوی ئاستی خوێندەواریشەوە هەرهەموویان قوتابیی زانکۆن و خەریکی خوێندنن لە قۆناغی بەکالۆریۆسدا؛ قوتابیانی زانکۆی حکومی (٧٢,١%) و زانکۆی ناحکومییش (٢٧,٨%) ـن.
- لە ڕوی تەمەنیشەوە هەرهەموویان گەنجن؛ بچوکترینیان (١٨) ساڵان و

گەورەترینیشیان (٢٦) ساڵان بووە؛ ناوەندی تەمەنیان دەکاتە (٢١,٨٦) ساڵ؛

- لە ڕوی باری کۆمەڵایەتییەوە، (٦٧,٩٪) سەڵتن و (٢٨,٤٪) هاوسەردارن و (٣,٧٪) یشان دەزگیراندارن و، تەڵاقدراو و جیابووەشمان نییە.

- لە ڕوی باری ئابوریشەوە، بەمشێوەیە بووە: دۆخی ئابوریی زۆرباش (٠,٧٪) باش (١٦,٤٪)، مامناوەند (٦٤,٩٪)، خراپ (١١,٩٪) و زۆر خراپ (٦٪)یان هەیە؛ لە ڕوی جۆری شوێنی نیشتەجێبوونەوە، (٣٤,٣٪) کرێچین، (٥٣٪)یان ملکی خۆیانە و (١٢,٧٪)شیان بە جۆرێکی دیکە نیشتەجێن؛ هەروەها (١,٥٪)ی کچەکان سەیارەی خۆیان هەیە و بە ئۆتومبێلی خۆیان هاتوچۆی زانکۆ دەکەن، (٢٠,١٪)یشیان لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزان و (٦٢,٧٪)یش بە تەکسی یان پاس و (١٥,٧٪)یش بە پێیان دێنە زانکۆ و دەگەڕێنە ماڵەوە.

- لە ڕوی جۆری خێزانەوە، کچەکانی زانکۆ بەمشێوەیە خێزانی خۆیان وەسف دەکەن: (١٤,٢٪) گوتویانە خێزانمان نەریتی و خێڵەکین، (١,٥٪)یش دەڵێن خێزانمان دینداری داخراوەن، (٤٤٪)یش دەڵێن خێزانمان دینداری کراوەن، (٣٣,٦٪)یشیان گوتویانە خێزانمان نەریتی و دیندارن و (٦,٧٪)یشیان دەڵێن خێزانمان کراوە و مودێرن؛ (٥٥,٢٪)ی کچەکان گوتویانە کە لە ڕوی ئارایشتکردنەوە بە تەواوەتی لە ناو خێزانمدا ئازاد و سەربەستم، (٣١,٣٪)یش گوتویانە تا ڕادەیەك ئازادن، (٩,٧٪)یش دەڵێن ئازادییەکی کەمیان هەیە و (٣,٧٪)یش دەڵێن هیچ ئازاد نین .

- وەڵامی کچەکان بۆ پرسیاری بڕی ئەو پارەیەی کە مانگانە بۆ ساڵۆن و ئارایشتکردن و کەرەستەی مکیاج سەرف دەکەن، بەمشێوەیەی خوارەوە بووە: (٨٨,١٪) لە ٢٥هەزار دینار کەمتر، (٧,٥٪) لە ٢٥هەزار هەتا ٥٠هەزار دینار، (٤,٥٪)یشیان لە ٥٠هەزار هەتا ١٠٠هەزار دینار سەرف دەکەن. کەسیان لە ١٠٠هەزار دینار بۆ سەرەوە بۆ ئەم مەبەستە زیاتر سەرف ناکات.

- تاکەکانی نمونە، وەك لە خشتەی (١-٤)دا هاتووە، ڕۆژانە ئەوەندەی کاتی خۆیان بۆ هەر یەك لە چالاکییەکانی "خوێندنەوە"، "سۆشیاڵمیدیا و سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن"، "وەرزشکردن" و "ئارایشتکردن" تەرخان دەکەن:


خشتەی ٢: ڕێژەی سەدیی بڕگەکەکانی تایبەت بە ماوەی تەرخانکردنی ڕۆژانە بە چالاکیی خوێندنەوە، سۆشیاڵ¬میدیا، وەرزشکردن و ئارایشتکردن

| جۆری چالاکی | لە چارەکێك کەمتر % | چارەکێك هەتا نیو سەعات % | نیوسەعات هەتا سەعاتێك % | سەعاتێك هەتا دوو سەعات % | لە دوو سەعات زیاتر % |
|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوە و دەرسکردن | ١١,٢ | ٢٠,٩ | ٢١,١ | ٢٤,٦ | ٢٠,١ |
| سۆشیاڵمیدیا و تەلەڤیزیۆن | ٤,٥ | ٩ | ١٨,٧ | ٢٦,١ | ٤١,٨ |
| وەرزشکردن | ٥٤,٥ | ٢٠,٩ | ١٦,٤ | ٦ | ٢,٢ |
| ئارایشتکردن | ٦٧,٩ | ١٨,٧ | ١١,٩ | ١,٥ | ٠ |

## ٢. ئاماری وەسفیی گۆڕاو و بڕگە تایبەتەکان

لەم بەشەدا، هەوڵ دەدەین وەڵامی هەموو بڕگەکانی پرسیارنامەکەمان لە لایەن تاکەکانی نمونەکە، هەروەها ئاماری وەسفیی ئەو گۆڕاوانەی کە لە کۆکردنەوەی بڕگەکان لەگەڵ یەکترەوە دروستکراون، بە جیا بخەینە ڕوو.

مەبەست لە "ئاماری وەسفی"کۆمەڵە شێوازێکن بۆ ڕێکخستن و کورتکردنەوە و پۆختکردنی داتا و زانیارییەکان؛ وەکو دروستکردنی خشتە، نیشاندانی وێنە و دایاگرام، خستنەڕوی ژمارەی دووبارەبوونەوەکان، ڕێژەی سەدی، ڕێژەی ناوەندی، ڤاریانس، قۆپاوی، لاروگێڕی و لادانی ستاندەر. ڕۆڵی ئاماری وەسفی لە پرۆسەی ئاماریدا، زۆر گرنگە؛ چونکە بە هۆی ئەم ئامارەوە دەتوانین هەموو




ڕێژەی ناوەندی = **3** (1 + 2 + 3 + 4 + 5=15/5=3)

**١. خستنەڕووی وەڵامی تاکەکانی نمونە بۆ بڕگەکان:**

سەرەتا ئاماری وەسفی (فریکۆنسی و ڕێژەی سەدەی و ناوەندی)ی بڕگەکان بە پێی ژمارەی ریزبەندییان دەخەینە ڕو. پێویستە لێرە ئاماژە بە چۆنیەتی کۆدینگ و نمرەپێدانی وەڵامەکانی تاکەکان بەپێی پێوانە پێنجینەکەی لیکرت بکەین؛ بەمشێوەیەی خوارەوە :

بۆ بڕگە ئەرێنییەکان هەڵبژاردەی "بە تەواوەتی لەگەڵیدام / بەردەوام" نمرەی ٥، بۆ "هاوڕاوم / زۆرجار" نمرەی ٤، بۆ "نە هاوڕام نە دژم / جاربەجار" نمرەی ٣، بۆ "دژم / کەمجار" نمرەی ٢ و بۆ "بە تەواوەتی دژم / هیچکات" نمرەی ١؛ بۆ بڕگە نەرێنییەکانیش، بەپێچەوانەی بڕگە ئیجابییەکان نمرەمان پێداون. کۆی گشتیی نمرەکان دەکاتە ١٥ و بەهای ناوەندیش دەبێتە ٣؛ بەمپێیە هەر بڕگەیەك ڕێژەی ناوەندیی لە ٣ زیاتر بێت، نیشانەی بەرزیی نرخی ئەو گۆڕاوەیە؛ بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لە ٣ خوارتر بێت، نیشانەی نزمیی نرخی ئەو گۆڕاوەیە:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276

### ٤. بڕگەکانی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ / ڕەهەندی دەموچاو

خشتەی (٣)، تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی هەریەك لە بڕگەکانی ڕەهەندی دەموچاو لە گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ کە پێکهاتووە لە ١٤ بڕگە، دەخاتە ڕو، کە بڕگەی ژمارە ١٧ (بە ڕێژەی ناوەندیی ٣) زۆرترین بەهای هەبووە؛ لە بەرامبەردا، بڕگەی ژمارە ٢٤ (بە ڕێژەی ناوەندیی ١,٢٥) کەمترین بەهای هەبووە. تێکڕای ناوەندی گۆڕاوی ڕەهەندی دەموچاو ٢,٢٥ دەرچووە.

خشتەی ٣: تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی بڕگەکانی ڕەهەندی دەموچاو لە گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

| ژمارە | ئیندێکسەکانی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ ڕەهەندی دەموچاو | بەردەوام | | زۆر جار | | جار بە جار | | کەم جار | | هیچ کات | | Mean | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | N | % | N | % | N | % | N | % | N | % | | |
| 14 | کردنی برۆ و مووی دەموچاو | 87 | 21.6 | 45 | 11.2 | 111 | 27.6 | 57 | 14.2 | 102 | 25.4 | 2.90 | ڕێژەی ناوەندیی گۆڕاوی ڕەهەندی دەموچاو = 2.25 |
| 15 | ڕەنگکردنی قژ | 6 | 1.5 | 33 | 8.2 | 81 | 20.1 | 96 | 23.9 | 186 | 46.3 | 1.95 | |
| 16 | کراتین و لێدانی کرێم و زەیتی تایبەت لە قژ | 12 | 3 | 24 | 6 | 90 | 22.4 | 105 | 26.1 | 171 | 42.5 | 2.01 | |
| 17 | شانەکردن و ئوتیکردنی پرچ | 57 | 14.2 | 84 | 20.9 | 102 | 25.4 | 120 | 29.9 | 39 | 9.7 | 3 | |
| 18 | سووراوسپیاوکردنی ڕوخسار | 45 | 11.2 | 51 | 12.7 | 150 | 37.3 | 132 | 32.8 | 24 | 6 | 2.90 | |
| 19 | ڕەشتنی چاو و برژانگ بە ریمێل و ماسکارا و ئایشەدۆ | 42 | 10.4 | 54 | 13.4 | 135 | 33.6 | 123 | 30.6 | 48 | 11.9 | 2.80 | |
| 20 | لێو سوورکردن | 30 | 7.5 | 42 | 10.4 | 123 | 30.6 | 156 | 38.8 | 51 | 12.7 | 2.61 | |
| 21 | بەکارهێنانی کرێمی ڕۆژ و شەوانە و دژەخۆر | 75 | 18.7 | 75 | 18.7 | 99 | 24.6 | 78 | 19.4 | 75 | 18.7 | 2.99 | |
| 22 | بەکارهێنانی قەڵەم و جەلی برۆ | 39 | 9.7 | 39 | 9.7 | 111 | 27.6 | 117 | 29.1 | 96 | 23.9 | 2.52 | |
| 23 | بەکارهێنانی برژانگی دەستکرد | 0 | 0 | 27 | 6.7 | 63 | 15.7 | 99 | 24.6 | 213 | 53 | 1.76 | |
| 24 | بەکارهێنانی ستەیشن و قژی دەستکرد | 3 | 0.7 | 3 | 0.7 | 24 | 6 | 33 | 8.2 | 339 | 84.3 | 1.25 | |
| 25 | سپیکردنەوەی ددان بە لێزەر | 0 | 0 | 0 | 0 | 39 | 9.7 | 36 | 9 | 327 | 81.3 | 1.28 | |
| 26 | دانانی عەدەسە (لێنز)ی ڕەنگی بۆ چاو | 3 | 0.7 | 12 | 3 | 21 | 5.2 | 45 | 11.2 | 321 | 79.9 | 1.34 | |
| 27 | دانانی چاویلکەی دژەخۆر | 27 | 6.7 | 42 | 10.4 | 78 | 19.4 | 90 | 22.4 | 165 | 41 | 2.19 | |

### ٥. بڕگەکانی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ / ڕەهەندی جەستەیی

خشتەی (٤)، تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی هەریەك لە بڕگەکانی ڕەهەندی جەستەیی لە گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ کە پێکهاتووە لە ١٤ بڕگە، دەخاتە ڕو، کە بڕگەی ژمارە ٢٨ (بە ڕێژەی ناوەندیی ٤,٣١) زۆرترین بەهای هەبووە؛ لە بەرامبەردا، بڕگەی ژمارە ٣٥ (بە ڕێژەی ناوەندیی ١,٥٤) کەمترین بەهایان هەبووە. تێکڕای ناوەندی گۆڕاوی ڕەهەندی جەستەیی ٢,٦٧ دەرچووە.

خشتەی ٤: تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی بڕگەکانی ڕەهەندی جەستەیی لە گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

| ژمارە | ئیندێکسەکانی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ ڕەهەندی جەستەیی | بەردەوام | | زۆر جار | | جار بە جار | | کەم جار | | هیچ کات | | Mean | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | N | % | N | % | N | % | N | % | N | % | | |
| 28 | خۆشۆردنی ڕۆژانە | 228 | 56.7 | 105 | 26.1 | 45 | 11.2 | 15 | 3.7 | 9 | 2.2 | 4.31 | ڕێژەی ناوەندیی گۆڕاوی ڕەهەندی جەستەیی = 2.67 |
| 29 | لەخۆدانی بۆن و ئۆدکۆلۆن | 186 | 46.3 | 69 | 17.2 | 60 | 14.9 | 51 | 12.7 | 36 | 9 | 3.79 | |
| 30 | بەکارهێنانی کرێم و بۆنی دژە ئارەقی بنهەنگڵ (موعەتەر) | 210 | 52.2 | 69 | 17.2 | 45 | 11.2 | 48 | 11.9 | 30 | 7.5 | 3.95 | |
| 31 | بۆیەکردنی نینۆك | 21 | 5.2 | 39 | 9.7 | 105 | 26.1 | 132 | 32.8 | 105 | 26.1 | 2.35 | |
| 32 | دانانی نینۆکی دەستکرد | 3 | 0.7 | 12 | 3 | 60 | 14.9 | 96 | 23.9 | 231 | 57.5 | 1.66 | |
| 33 | بەکارهێنانی زێڕ و زیو و ئێکسسوارات | 18 | 4.5 | 66 | 16.4 | 129 | 32.1 | 144 | 35.8 | 45 | 11.2 | 2.67 | |
| 34 | لەبەرکردنی جلی تەسک و تەنک وەکو کابۆ | 9 | 2.2 | 27 | 6.7 | 48 | 11.9 | 78 | 19.4 | 240 | 59.7 | 1.72 | |
| 35 | لەبەرکردنی جلی کورت و نیوقۆڵ | 9 | 2.2 | 15 | 3.7 | 36 | 9 | 66 | 16.4 | 276 | 68.7 | 1.54 | |
| 36 | لەپێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز | 6 | 1.5 | 54 | 13.4 | 84 | 20.9 | 156 | 38.8 | 102 | 25.4 | 2.27 | |
| 37 | سەرکۆتی و بەردانەوەی پرچ | 48 | 11.9 | 45 | 11.2 | 57 | 14.2 | 48 | 11.9 | 204 | 50.7 | 2.22 | |
| 38 | بەکارهێنانی لەچک و ڕەفتەی ڕەنگاوڕەنگ | 144 | 35.8 | 81 | 20.1 | 96 | 23.9 | 51 | 12.7 | 30 | 7.5 | 3.64 | |
| 39 | لەبەرکردنی ستیانی جۆراوجۆر | 54 | 13.4 | 72 | 17.9 | 72 | 17.9 | 117 | 29.1 | 87 | 21.6 | 2.72 | |
| 40 | خواردنی دەرمان و ڤیتامینات بۆ پێست | 36 | 9 | 42 | 10.4 | 66 | 16.4 | 93 | 23.1 | 165 | 41 | 2.23 | |
| 41 | وەرزش و ڕژێمکردن بۆ کۆنترۆڵی کێش و ڕێککردنی لەش | 51 | 12.7 | 42 | 10.4 | 63 | 15.7 | 102 | 25.4 | 144 | 35.8 | 2.39 | |

### ٦. بڕگەکانی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ / ڕەهەندی نەشتەرگەریی جوانکاری

خشتەی (٥)، تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی هەریەك لە بڕگەکانی ڕەهەندی نەشتەرگەریی جوانکاری لە گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ کە پێکهاتووە لە ٩ بڕگە، دەخاتە ڕو، کە بڕگەی ژمارە ٤٩ (بە ڕێژەی ناوەندیی ٢,٣٥) بەرزترین بەهای هەبووە؛ لە بەرامبەردا، بڕگەی ژمارە ٥٠ (بە ڕێژەی ناوەندیی ١,٢٦) کەمترین بەهای هەبووە. تێکڕای ناوەندی گۆڕاوی ڕەهەندی نەشتەرگەریی جوانکاری ١,٦٨ دەرچووە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276

خشتەی ٥: تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی برگەکانی ڕەهەندی نەشتەرگەریی جوانکاری لە گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

| ژمارە | ئیندێکسەکانی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ **ڕەهەندی نەشتەرگەریی جوانکاری** | کردیتم N | کردیتم % | دامناوە بیکەم N | دامناوە بیکەم % | دوودڵم N | دوودڵم % | نایکەم N | نایکەم % | هەرگیز نایکەم N | هەرگیز نایکەم % | Mean | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 42 | هاشور و تاتۆکردنی برۆ | 9 | 2.2 | 9 | 2.2 | 6 | 1.5 | 42 | 10.4 | 336 | 83.6 | 1.29 | ڕێژەی ناوەندیی گۆڕاوی ڕەهەندی نەشتەرگەریی جوانکاری = **1.68** |
| 43 | نەشتەرگەریی لووت | 12 | 3 | 36 | 9 | 57 | 14.2 | 66 | 16.4 | 231 | 57.5 | 1.84 | |
| 44 | بۆتۆکس و میزۆی دەموچاو | 12 | 3 | 21 | 5.2 | 27 | 6.7 | 81 | 20.1 | 261 | 64.9 | 1.61 | |
| 45 | فیلەری لێو | 15 | 3.7 | 24 | 6 | 45 | 11.2 | 48 | 11.9 | 270 | 67.2 | 1.67 | |
| 46 | چاندنی موو | 0 | 0 | 3 | 0.7 | 15 | 3.7 | 84 | 20.9 | 300 | 74.6 | 1.31 | |
| 47 | چاندنی برژانکی دەستکرد | 12 | 3 | 15 | 3.7 | 33 | 8.2 | 75 | 18.7 | 267 | 66.4 | 1.58 | |
| 48 | هۆلیۆدسمایلی ددان | 0 | 0 | 90 | 22.4 | 87 | 21.6 | 54 | 13.4 | 171 | 42.5 | 2.24 | |
| 49 | تەقویمی ددان (ڕاستکردنەوەی ددان) | 33 | 8.2 | 69 | 17.2 | 69 | 17.2 | 66 | 16.4 | 165 | 41 | 2.35 | |
| 50 | تێکردنی چەوری و سلیکۆن و پلازما لە دەمووچاو یان جەستە | 0 | 0 | 12 | 3 | 9 | 2.2 | 51 | 12.7 | 330 | 82.1 | 1.26 | |

## ٧ . برگەکانی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی

خشتەی (٦)، تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی هەریەك لە برگەکانی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە هۆکاری کۆمەڵایەتی کە پێکهاتووە لە ٥ برگە، دەخاتە ڕوو، کە برگەی ژمارە ٦٤ (بە ڕێژەی ناوەندیی ٢,٨١) بەرزترین بەهای هەبووە؛ لە بەرامبەردا، برگەی ژمارە ٦٥ (بە ڕێژەی ناوەندیی ٢,٠٩) کەمترین بەهای هەبووە. تێکڕای ناوەندی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ٢,٥١ دەرچووە.

خشتەی (6) تێکڕای دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدی و ناوەندیی برگەکانی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی

| ژمارە | برگەکانی گۆڕاوی **سەرمایەی کۆمەڵایەتی** | زۆر هاوڕام N | زۆر هاوڕام % | هاوڕام N | هاوڕام % | دوودڵم N | دوودڵم % | دژم N | دژم % | زۆر دژم N | زۆر دژم % | Mean | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 51 | کاتێك کە ئارایشت دەکەم، تێڕوانینی خەڵك بەرامبەرم باشتر دەبێ و ئاسانتر تێکەڵم دەبن و لێم نزیك دەبنەوە و باشتر مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن | 33 | 8.2 | 54 | 13.4 | 138 | 34.3 | 120 | 29.9 | 57 | 14.2 | 2.72 | ڕێژەی ناوەندیی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی = **2.51** |
| 52 | کە ئارایشت دەکەم، هەست دەکەم کوڕان گرنگییەکی زیاترم پێ دەدەن؛ زووتر لێم نزیك دەبنەوە | 27 | 6.7 | 33 | 8.2 | 114 | 28.4 | 57 | 14.2 | 108 | 26.9 | 2.38 | |
| 53 | ئارایشت دەکەم بۆ ئەوەی لە دەوروبەری خۆم شازتر و جیاوازتر و سەرنجڕاکێشتر دەربکەوم | 33 | 8.2 | 90 | 22.4 | 120 | 29.9 | 87 | 21.6 | 72 | 17.9 | 2.81 | |
| 54 | ئەگەر ئەندامێکی خێزانم، ئامۆژگاریم بکەن کە بەم شێوازە ئارایشت مەکە، یان فلان جل مەپۆشە و وا دەرمەکەوە، بۆم گرنگ نییە؛ بەڵام ئەگەر کوڕێك یان دۆست و دەزگیراندارەکەم پێم بڵێت ئەو ڕەنگە لێت نایەت، بە گوێی دەکەم | 36 | 9 | 24 | 6 | 42 | 10.4 | 138 | 34.3 | 162 | 40.3 | 2.09 | |
| 55 | ئارایشتکردن، هێزێکم پێ دەبەخشێ کە لە کۆمەڵگادا باشتر دەتوانم جێی خۆم بکەمەوە | 18 | 4.5 | 69 | 17.2 | 108 | 26.9 | 132 | 32.8 | 75 | 18.7 | 2.56 | |

## ٨. ئەزمونی نۆرماڵبوونی داتاکان

پاش دڵنیابوونەوە لە قبوڵبوونی ڕێژەی ڕاستییەتی و جێگیریی گۆڕاوەکان، پێویستە بۆ هەڵبژاردنی جۆری ئەزمونی شیکاری، لە نورماڵبوون و هێڵییوونی گۆڕاوەکانیش دڵنیا بینەوە، چونکە بە پێی نۆرماڵبوون (گۆڕاوی پارامەتریك) یان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276

ناتۆرماڵبوون (گۆڕاوی ناپارامەتریك)، ئەزمون و ئاماری تایبەت و پێویست بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە هەڵدەبژێردرێن. داتای پارامەتریك بە ئەزمونی پارامەتریك (وەك هاوپەیوەندیی پیرسۆن و ڕێگرێشنی هێڵی) شی دەکرێنەوە، داتای ناپارامەتریکیش بە ئەزمونی ناپارامەتریك (وەك هاوپەیوەندیی سپیرمەن یان کەنداڵ، ڕێگرێشنی لۆجستیك) لێك دەدرێنەوە (کریی، ٢٠١٥: ١٩٠-٣٠٧) .


بەمپێیە، دوو گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەمان کە لە بڕگەکانی پرسیارنامەمان (واتە گۆڕینیان بە گۆڕاوی ژمارەیی و پێوانەیی) کامپیۆتر کراون، بە ڕێگەی باوی ئەزمونکردنی نۆرمالیتەبوونی داتاکان، تاقیکرانەوە؛ شێوازەکە بە پرۆگرامی SPSS جێبەجێ کرا، کە هەمان شێوەی کلاسیکی دەرخستنی ڕێژەی "قوپاوی/ Kurtosis" و "لاروگێڕی / Skewness" هەر یەك لە گۆڕاوەکانە، کە بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان، پێویستە لە نێوان (+٢ و -٢) بێت (کلانتری، ٢٠١٦: ١٢٤). دوای جێبەجێکردنی ئەم ئەزمونە لەسەر گۆڕاوەکان، هەروەك لە خشتەکانی ژمارەی (٧)دا دەرکەوتووە، داتای گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەمان نۆرمال و پارامەتریکن؛ ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەتوانین ئەزمونی پارامەتریکی وەك "هاوپەیوەندیی پیرسۆن"* و "ڕێگرێشنی هێڵی"** بۆ شیکردنەوەی گریمانەکانمان بەکار ببەین.

خشتەی ٧: ئەزمونی نۆرمالیتەبوونی گۆڕاوە سەرەکییەکان
Tests of Normality


| ژ | ناوی گۆڕاوە سەرەکییەکان | Kurtosis | Skewness |
|---|---|---|---|
| 1 | ئارایشتکردنی کچان | -.153 | .498 |
| 2 | سەرمایەی کۆمەڵایەتی | -0.182 | 0.051 |

Kurtosis = (-2< Normal >+2)
Skewness = (-2< Normal >+2)

هەروەك لە شێوەکانی (١) و (٢)یشدا دەبینین، نۆرماڵبوونی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەردەخات کە پەیوەندییان بە گریمانەکانی توێژینەوەکەمانەوە هەیە و دەمانەوێ بیانخەینە ناو ئەزمونی هاوپەیوەندی و ڕێگرێشندا. هەروەها هێڵیبوونی گۆڕاوەکانیش دووپات دەکاتەوە و مانای ئەوەیە کە دەتوانین وەکو داتای پارامەتریك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.




شێوەی ١: نۆرماڵبوون و هێڵیبوونی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆی دەردەخات




شێوەی ٢: نۆرماڵبوون و هێڵیبوونی گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەت دەردەخات

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276

### ١. هاوپەیوەندیی نێوان گۆڕاوی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" و "ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ":

خشتەی خوارەوە (٨)، هاوپەیوەندیی پێرسۆن (کە ئەزموونێکی پارامەتریکە) لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکەی توێژینەوەدا لەگەڵ ئاستی بەڵگەمەندیی هاوپەیوەندییەکەیان ڕون دەکاتەوە، هەروەك دەبینین تەنها پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاوەکە، بەڵگەمەندە و جۆری پەیوەندییەکەیش ڕاستەوخۆیە و ڕێژەکەیشی 25.4% دەرچووە؛ بەو واتایەی چەند ڕێژەی ئارایشتکردن بەرزتر بێت، نزیکەی 25% ڕێژەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیش زیاد دەبێت؛ بە پێچەوانەشەوە، لە هەر گۆڕانکارییەك لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، نزیکەی 25% ئارایشتکردنی کچانیش دەگۆڕێت.

خشتەی ٨: هاوپەیوەندیی نێوان ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕون دەکاتەوە

| | | ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | سەرمایەی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|
| ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ | Pearson Correlation | ١ | .254$^{**}$ |
| | Sig. (2-tailed) | | .000 |
| | N | ٤٠٢ | ٤٠٢ |
| سەرمایەی کۆمەڵایەتی | Pearson Correlation | .254$^{**}$ | ١ |
| | Sig. (2-tailed) | .000 | |
| | N | ٤٠٢ | ٤٠٢ |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

### ٢. کاریگەریی گۆڕاوی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" لەسەر "ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ":

خشتەی خوارەوە (٩) مۆدیلی ڕگریشنی هێڵیی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ (وەکو گۆڕاوی پاشکۆ و پێشبینیکراو) و گۆڕاوەکانی "سەرمایەیی کۆمەڵایەتی" (وەکو گۆڕاوی سەربەخۆ و پێشبینیکەر) دەخاتە ڕو، کە بە پێی خشتەکە، ڕێژەی (R) هاوکۆڵکەی هاوپەیوەندیی فرەجۆر، 25.4% دەرچووە؛ بەو مانایەی کە لە نێوان بڕگەکانی گۆڕاوەکانی پێشبینیکەر و گۆڕاوی پێشبینیکراو هاوپەیوەندییەکی مامناوەندی هەیە. ڕێژەی ($R^2$) هاوکۆڵکەی پێشبینیکەریش 6.4% دەرچووە کە پاش هەموارکردنی بووەتە 6.2%؛ بەو مانایەی گۆڕاوی سەربەخۆی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، توانیویانە پێکەوە ڕێژەی نزیکەی 6%ی ڤاریانس و گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ ڕون بکەنەوە؛ کە نیشانەی گونجاوبوونی مۆدیلەکەیە و ئەوەیش بە هاوکۆڵکەی "دۆربین واتسۆن" کە ڕێژەکەی زیاتر لە سفر زیاترە و لە چواریش کەمترە (4<>0) دووپات دەبێتەوە؛ بە گوێرەی سەرچاوەکان ڕێژەی دۆربین واتسۆن دەبێ ژمارەیەك لە نێوان 1.5 و 2.5 بێت بۆ ئەوەی ڕاستییەتی و گونجاوبوونی مۆدیلەکە دووپات بکرێتەوە (Chatterjee, 2013: 469)، کە لێرەدا 1.804 دەرچووە.

خشتەی ٨: مودێلی ڕیگرێشنی نێوان ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕون دەکاتەوە

**Model Summary$^b$**

**Model Summary$^b$**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate | Durbin-Watson |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | .254$^a$ | .064 | .062 | ١٦,٧٤٤ | ١,٨٠٤ |

a. Predictors: (Constant), سەرمایەی کۆمەڵایەتی

b. Dependent Variable: ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

خشتەی (١٠)یش شیکردنەوەی ڕێژەی جیاوازی و گۆڕانکاری لە گۆڕاوەکانمان بۆ دەخاتە ڕو کە بەڵگەمەندی و ماناداریی گشت مۆدیلەکەمان بۆ هەڵدەسەنگێنێت؛ ئەوەی لەو خشتەیەدا گرنگە، هاوکۆلکەی (F-Value)ە کە لەبەرئەوەی ڕێژەکەی لە 1.618 زیاتر دەرچووە، نیشانەی ئەوەیە کە مۆدیلەکە گونجاو و ڕاستە و ڕاستییەتیی گریمانەکەمان دووپات دەکاتەوە کە لە نێوان ئەو گۆڕاوانەی کە خراونەتە ناو ئەزمونی ڕگریشندا، کاریگەرییان لەسەر ئارایشتکردنی کچانی زانکۆدا هەیە. لەبەر ئەوەی ئاستی (P-Value)یش (ئاستی بەڵگەمەندی) لە 0.05 کەمترە (Sig.= .000)، مۆدیلەکە قبوڵ دەکرێت؛ بەو مانایەی کە دەتوانین ئەنجامەکانی ئەو مۆدیلە بە دڵنیاییەوە لە گشت کچانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بگشتێنین؛ واتە ئەگەر ئەم پرسیارنامەیە لە چەند شوێنی دیکەی هەرێمدا، بە وەرگرتنی نمونەیەکی دیکە و لە کاتێکی دیکەشدا دووبارە بکەینەوە، هەتا ٩٥% دیسانەوە ئەو دەرئەنجامانە دووبارە دەبنەوە و ئەو ئەنجامانە، بەڕێکەوت یان شانسی نین.

خشتەی ١٠: ڤاریانسی مودێلی نێوان ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕون دەکاتەوە

ANOVA$^a$

| Model | | Sum of Squares | Df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 7730.585 | 1 | 7730.585 | 27.575 | .000$^b$ |
| | Residual | 112139.945 | 400 | 280.350 | | |
| | Total | 119870.530 | 401 | | | |

a. Dependent Variable: ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ

b. Predictors: (Constant), سەرمایەی کۆمەڵایەتی

خشتەی سێیەم لە مۆدیلەکەدا، خشتەی (١١)ە کە هاوکۆلکەی بێتا (β) و ئاستی بەڵگەمەندی و مانادارێتیی مۆدیلەکەمان بۆ دەردەخات؛ سەرەتا سەیری ڕێژەی (t-value) و significant دەکەین کە هەمان (p-value)یە، دەبینین کە گۆڕاوی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" بەڵگەمەندە، ئینجا کە سەیری بێتاکەیان دەکەین، دەبینین کە 25.4% دەرچووە؛ بەو مانایەی کە بە هەر گۆڕانکارییەك لەو گۆڕاوی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، لە گۆڕاوی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆش 25.4% گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؛ بە پێچەوانەوەش دروستە.

خشتەی ١١: هاوکۆلکەی بێتای مودێلی نێوان ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ و سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕون دەکاتەوە

**Coefficients[a]**

| Model | | Unstandardized Coefficients | | Standardized Coefficients | t | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | B | Std. Error | Beta | | |
| 1 | (Constant) | 70.198 | 2.781 | | 25.242 | .000 |
| | Var2-SocialCapital | 1.109 | .211 | .254 | 5.251 | .000 |

a. Dependent Variable: VAR1

**حەوتەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە**

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوە، شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی "ڕەوشی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان" بوو، کە وەك دیاردەیەکی مودێرنی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، دوو تیۆری هاوچەرخ و نوێ لەم بارەیەوە ئاماژە پێکران، کە بریتی بوون لە: تیۆری برایان تێرنەر و پییەر بۆردیۆ.

لە ئەنجامدا، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە دیاردەی "ئارایشتکردن"، دیاردەیەکی فرەڕەهەند و فرەگۆڕاو و فرەهۆکارە کە پێویستە جگە لە کۆمەڵناسان، دەروناسان و مرۆڤناسانیش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. چونکە پاڵنەرە کاریگەرەکان تەنها لایەنی کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی دەرونی و کەسایەتی و کەلتوریشی دەگرێتەوە، کە هەروەك لە توێژینەوەکەدا دەرکەوت، هۆکاری سەرمایەی کۆمەڵایەتی توانیی تەنها ڕێژەی (25%)ی ڤاریانس و گۆڕانکارییەکانی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ شرۆڤە و شی بکاتەوە؛ بەشەکەی دیکە کە ماوەتەوە، پێویستە بە توێژینەوەیەك یان چەند توێژینەوەی دیکە ڕون بکرێتەوە.

کچانی زانکۆ، لەبەرئەوەی لە تەمەنی گەنجیدان و بەشێکی زۆریان هێشتا ژیانی هاوسەرێتییان پێکنەهێناوە، هێشتا نەچوونەتە سەر کاروپیشەیەك، تەنانەت لە دەرفەتی خوێندندا کە سەرەڕای ئەوەی هەموویان تێیدا هاوبەشن، بەڵام لە سەرکەوتن و دەرچوون بە نمرەی بەرزتر لەگەڵ یەکتر ڕکابەرایەتی دەکەن، بۆیە هەروەك بۆردیۆ جەختی دەکردە سەر ڕکابەرایەتی و پێشبرکێ لەسەر دەستکەوتی سەرمایەی جەستەیی و کۆمەڵایەتیدا، بۆ ئەوەی لە دەرفەتی کۆمەڵایەتییەکاندا بێبەش نەکرێن و لە ڕکابەرایەتییەکاندا نەدۆڕێن، زیاتر پەنا دەبەنە بەر ڕواڵەت و خۆجوانکردن و ئارایشتکردن وەك ماسك و ڕوخسارێکی دەستکرد بۆ ئەوەی پەسندکراوتر و مەقبولتر دەربکەون؛ چونکە ئەوانیش دەزانن کە ژیانی شانۆگەری و ڕواڵەتگەرایانەی هەرێمی کوردستان، ئەوەی ڕۆڵێکی جوانتر بگێرێت و جوانتر و ڕازاوەتر دەربکەوێت، لە خوێندندا کەمتر دەمێنێتەوە، لە دۆزینەوەی کاروپیشەدا سەرکەوتووترە و، ئاسانتریش هاوسەر یان هاوژین و دۆستێکی دەست دەکەوێت.

ڕاسپاردەی توێژەر بۆ کچانی زانکۆ بە تایبەتی و ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بە گشتی، ئەوەیە کە ڕاستە گرنگیدان بە "جەستە" شتێکی پێوست و نکوڵینەکراوە؛ لەبەر ئەوەی تەنها لایەنێکی بایۆلۆژیك نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی نەپچڕاوی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و تەنانەت دەرونیشە، بەڵام نابێ بگاتە ئەو ڕادەیەی کە بیبێتە زێدەڕەوی لە ڕواڵەتگەرایی و جوانکاریدا، نەوەك بگاتە ئەو ڕادەیەی کە کار بکاتە سەر لایەنی سایکۆلۆژی و دەرونییان و لەبەر ناڕازیبوون لە جەستە و ڕوخساری خۆیان، توشی نەخۆشیی دڵەڕاوکێ و وەسواسی و خەمۆکی ببن و لە ژیانێکی نۆرماڵ و ئاسایی دور بکەنەوە و لە جیاتی چێژوەرگرتن لە ژیان و جەستەی سروشتیی خۆیان، توشی ئازار و ئەشکنجەی دەرونی و تەنانەت سەرفکردنی سەرمایە و پارە و کاتێکی زۆر ببنەوە.

ڕاسپاردەی دیکەی توێژەر، ئاراستەی ئەو توێژەر و کۆمەڵناسانەیە کە دەیانەوێ گرنگی بە بواری "جەستە" بدەن، کە پەرە بە وردەکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە بدەن؛ هەروەك گوتمان توێژینەوەکەمان توانیی بەشێکی باش لە ڕەهەندەکانی دیاردەی ئارایشتکردنی کچانی زانکۆ شرۆڤە و ڕون بکاتەوە، بەشەکەی دیکە پێویستە بە توێژینەوەکانی دیکە پڕ بکرێتەوە؛ بۆیە توێژەر پێشنیاز دەکات بەشی کۆمەڵناسی و دەروناسیی زانکۆی سەلاحەددین توێژەرانێك ڕابسپێرێت کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و دەروناسی و ئەنترۆپۆلۆژییەوە، هەم بە ڕێبازی چۆنایەتی و هەم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276

چەندایەتی و تەنانەت تێکەڵاو، بپرژێنە سەر بابەتی بەڕێوەبردنی جەستە، ئارایشتکردن، شیکپۆشی، نەشتەرگەریی جوانکاری و ڕواڵەتگەرایی.

**سەرچاوەکان:**

انوری، حسن (۲۰۰). فرهنگ بزرگ سخن. تهران: انتشارات سخن.

بابایی، رحمت الله و سمنانی، محبوبه (۲۰۱۷). جامعه‌شناسی بدن؛ مطالعات فرهنگی و زندگی روزمره. تهران: انتشارات ارون.

بازرگان، عباس (۲۰۰٦). روشهای تحقیق در علوم رفتاری. تهران: انتشارت آگاه.

بوردیو، پی‌یر (۲۰۱٤). تمایز؛ نقد اجتماعی قضاوت‌های ذوقی. ترجمه: حسن چاوشیان. تهران: نشر ثالث. ۲۰۱٤.

دواس، دی. ای. (۱۹۹٧). پیمایش در تحقیقات اجتماعی. ترجمه: هوشنگ نایبی. تهران: نشر نی.

ذکایی، محمدسعید (۲۰۱۲). فراغت، مصرف و جامعه؛ گفتارهایی انتقادی. تهران: انتشارات تیسا.

ذکایی، محمدسعید (۲۰۰۷). جامعه‌شناسی جوانان ایران. تهران: نشر آگه.

شیلینگ، کریس (۲۰۲۱). بدن و نظریه اجتماعی. ترجمه: حسن شهرکی. تهران: انتشارات انسان‌شناسی.

فوکویاما، فرانسیس (۲۰۰۰). پایان نظم: سرمایه اجتماعی و حفظ آن. ترجمه: غلامعباس توسلی. تهران: جامعه ایرانیان.

کریمی، رامین (۲۰۱۵). راهنمای آسان تحلیل آماری با SPSS. تهران: نشر هنگام.

کلانتری، خلیل (۲۰۱٦). پردازش و تحلیل داده‌ها در تحقیقات اجتماعی– اقتصادی با استفاده از نرم‌افزار SPSS. تهران: نشر فرهنگ صبا.

کیوان آرا، محمود و دیگران (۲۰۱۱). قشربندی اجتماعی و اصلاح بدن؛ جراحی زیبایی به مثابه نماد پایگاه اجتماعی، فصلنامه اجتماعی و مطالعات راهبردی زنان، سال دوازدهم، شماره (٤٧).

کیا دربندرسری، علی (۲۰۱۵). مدیریت بدن با تأکید بر نگرش اسلامی. قم: انتشارات آل یاسین.

وەزارەتی خوێندنی باڵا (۲۰۲۲). ئاماری قوتابیان بە پێی ناوخۆی هەرێم و دەرەوەی هەرێم و ڕەگەز بۆ ساڵی خوێندنی ۲۰۲۱-۲۰۲۲. بەشی ئامار لە فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون. ۲۰۲۲.

یوردوسف، احمد نوری (۱۹۹۳). سطح تحلیل و واحد تحلیل: موردی برای تمایز. میلنیوم: ۱۹۹۳، ۲۲(۱).

Bourdieu, P., (1983). Ökonomisches Kapital, Kulturelles Kapital, Soziales Kapital. In Soziale Ungleichheiten (Soziale Welt, Sonderheft 2). R. Kreckel (eds). Goettingen, Otto Schartz.

Carrie r. Howell, et al., (2020). Area based stratified random sampling using geospatial technology in a community-based survey. BMC Public Health

Chatterjee, Samprit & Simonoff, Jeffrey (2013). Handbook of Regression Analysis. John Wiley & Sons.

Foley, M. W. & B. Edwards. (1997). Escape from politics? Social theory and the social capital debate.. American Behavioral Scientist. 40(5): 550-561.

Likert R. A., (1932). Technique for the measurements of attitudes. Archives of psychology. 140(22): pp. 5-55.

Mulaik, S. A., (2010). The foundations of factor analysis. 2nd ed., Boca Raton, FL: Chapman & Hall/CRC.

Statista (2023a). "Retail e-commerce sales compound annual growth rate (CAGR) from 2023 to 2027, by country". From: https://www.statista.com/forecasts/220177/b2c-e-commerce-sales-cagr-forecast-for-selected-countries

Statista (2023b). "Beauty & Personal Care – Iraq". From: https://www.statista.com/outlook/cmo/beauty-personal-care/iraq#revenue

Taylor, Catherine S., (2013). Validity and Validation. Oxford University Press.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp265-276